دیسان (ڕەشۆ)

بەهرام محەمەد

لە ژمـــارە (٤٧٣) و لەم لاپەڕەیەی گـۆڤـارەکـەمـاندا، بابەتێکم لەســەر (ڕەشــۆ) نـووسی، ئەگـــەر چی من هەنـدێک بەهاراتم بەســـەر بابەتەکـــەدا وەکـــردبوو، هەندێکیش تیف تیفەم دابوو، بەڵام ئەوەی لای من زۆر گرنگ بوو ئەوە بوو کـــە وەک دەرد و گرفتێکی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی نیشانم دابوو، دەردێکی کوشندەی ئەوتۆ کە ڕۆژ بە ڕۆژ تەشـەنە دەکـات و شانەکانی مێشکی کۆمەڵێک لە ئادەمیزاد دەتەنیتەوە و دەیانهێنیتە ریزی (ڕەشۆ)یان.

هەر دوای بڵاوبوونەوەی ئەو بابەتە خـەڵکێکی زۆر لە هەردوو ڕەگەز بە هۆی تەلەفـۆنەوە یان لە ڕێگەی چاوپێکەوتن و دیتنەوە پەیوەندییـــان پێـــوەکـــردم، هەر هەمـــوویان بەپێی پرەنســـیپ و مەرجەکانی بوون بە (ڕەشـۆ) بەو پەڕی دڵخۆشـییـەوە ڕەشـۆیی خـۆیان بۆم دەردەبڕی و دەیان ویست بیـچـەسـپێنن کە ئەوان لە ڕەشۆی وەک من ڕەشۆترن.

سەرباری ئەو دیتن و چاوپێکەوتن و پەیوەندییە تەلەفـۆنیانە، چەندین کەسی دیکە نامەی تەلەفـۆنی و بەدەست خەتی خۆشیان بۆ ناردووم، نامەکانیان جێگەی سەرنج و دەست خۆشییە و لە هەمانکات بۆ منیش وەک شانازی و سەروەرییەک هەتا هەتایێ لام دەپارێزرێ و دەمێنێتەوە، یەکێک لەو نامە تەلەفـۆنییانەی کە زۆر سەرنجی ڕاکێشـام و ئەوەی دەسـەلماند خـاوەنی نامـەکە خوێنەری بەردەوامی گۆڤاری هەرێمی کوردستانە و بەتایبەتیش ئەو بابەتە کوردەوارییانەی من دەینووسم، لە ڕاستیدا ئەو نامەیە ئەوە دەهێنێ لێـرەدا بڵاوی بکەمـەوە بەبێ ئەوەی ناو و ژمـارەی تەلەفـۆنی کەسەکە دیاری بکەم.

دەقی نامە تەلەفـۆنییەکە:

(ئەم کـاتەت باش، لە ژمـارە (٤٧٣)ی هەرێمی کـوردسـتـان هەندێک باسی (ڕەشۆ)ت کردبوو، هەتا خۆشت ببووی بە ڕەشۆ، لە وتارەکـەتدا دیارە ترومـبـێلەکـەت لە گـەڕەکی ئیـسـکان جێهێشـتـووە و لەگەڵ ڕادەڕەکەت چوون بۆ بازاڕ، لەوێشـەوە بۆ مـاڵ، جا تا زووە فریای ترومبێلەکەت کەوە با نەدزرێ، لەگەڵ ڕێزم)). بەڕاستی ئەو برایە سەرنج و تێبینییـەکی بەهێزی لە بابەتەکە بەدی کردبوو، کە خۆم بە ئەنقەست خستبوومە پشتگوێ بۆ ئەوەی ڕەشـۆیی خـۆم بچـەسـپێنم، ڕێزم هەیە بۆی و هیـوادارم لەسەر خوێندنەوەی بابەتەکانم بەردەوام بێت. بێگومان ئەو دیتن و پەیوەندی و نامە ناردنانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە:

×خـەڵکێکی زۆر گـۆڤـاری هەرێمی کـوردسـتـان دەخـوێننەوە و هەموو سێشەممان لە کتێبخانە و کوشکەکان بە دواییدا دەگەڕێن.

×زۆر لەو خـەڵکانە بایەخ بە دۆسـیـەی کـوردەواری دەدەن و دەیانەوێ کەلەپووری نەتەوەکەیان زیندووبکەنەوە.

×هەندێکیش لەوانە لەبەر هەر هۆیەک بێت حەزیان لە شێوازی نووسینەکانی منە.

دووبارەو دەبارە سـوپاس بۆ هەمـوو ئەوانەی بەهەر شێـوازێک بێت پەیوەندییـان پێـوەکـردووم، ڕێزم هەیە بۆ هەمـووان هەر لە گـەورەییـانەوە تا بچـووکـیـیـان، لەهەردوو ڕەگەزییـان، هەروەک شاعیری مەزن بێکەس دەفەرمووێ:

فەرقی نییە نێرومێ چەپڵە بەدەستێ لێنادرێ

جەژن لە کۆیە

ئا: ڕەشاد حەمەد مستەفا

جەژن لە کۆیە هەروەک و خەڵکانی دێ و شارەکانی کوردستان بەیانیان پیاوی گەورەو گەنج و منداڵان ڕوویان لە مزگەوت دەکرد بۆ نوێژی جەژن، پاشان هەرکەسێک دەگەڕایەوە مـاڵی خۆی بۆ نان خواردن، کابانەکانی ماڵ لە کۆیە پێش ئەوەی جەژن بێت خـۆیان ئامـادە دەکـرد بۆ پڵاو لێنانی جەژن و منداڵە بچووکەکانیش جل و پێڵاوی نوێیـان دەکـڕی، لەشـەوی پێش جەژن لە پشت سەری خۆیان دا دەنا تاکو بەیانی زوو جلی نوێ لەبەر بکەن و جەژنانە لە باوک و خزمەکان وەرگرن، بۆ ئەوەی بچنە بن لەلوگان بۆ ڕابواردنی کاتی خۆش. ئەم وێنەیەش یەکێک لە دیمەنەکانی جەژنە لە کۆیە (چەرخ و فـەلەک) لە سـاڵی ١٩٣١ گـیـراوە بە کـامـیـرای مـامـۆسـتـا جەلال حەوێز حەوێزی لە ئەرشـیـفی ئەندازیار (ڕەوشەن حەوێزی) دەستکەوتووە.

شەو تا

ئا: ژیان دزەیی

جـاران لە گـوندی و بگرە لە شـاریش ئەوەندە باوەڕیان بە دکـتـۆرو داو دەرمـانی کـیـمـیـایی نەبوو، منداڵ یان گـەورە تای دەهاتێ بەمـاسـتی چەوریان دەکـرد ، دەیانگوت: بای گەرم بردوییەتی، دووجار

چەوریان دەکـرد تایەکـەی بەردەدا، بەڵام تایەکی دیکە هەبوو پێـیـان دەگـوت: (شەوتا) کە نەخۆشەکە بەڕۆژ باش دەبوو، بەشەویش تایەکەی دەگرت. ئینجا دەیان پرسی بزانن چ پیاوێک دوو ژنی هەیە دەچوون لە کەرخی ماڵی ئەم کابرایە هاواریان دەکرد دەیانگۆت:

شەوتا شەوتا، بەشەو دەگری تا، بەڕۆژ بەردەدا، ماخۆی چوار چاو چ دەرمان دەدا. دوو سێ جار ئەمەیان دووبارە دەکردەوە، ئینجا ماڵەکە دەیانزانی دەهاتن دەرگەیان دەکـردەوە، چیـیـان هەبوایە لەناو قـاپێکیـان دادەناو دەیاندایە دەسـتی، ئەویش بەغـاردان دەچۆوە بۆ مـاڵ شـیـوەکـەی دەبرد دەیاندا تادارەکـە، تادار چاوی دەبۆوە بەردەبەرە تای بەردەدا بۆ بەیانی چاک دەبۆوە، چونکە بڕوایان بەم کارانە هەبووە.

دەستاڕ

بەرهەم شێخ عزەدین

دەستاڕ ئەو ئامێرە کۆنەیە کە لەجیاتی ئاشی ئێستا بەکاردێت بەمەستی هاڕینی نۆک و نیسک و گەنمیش بەکار هاتووە، (خاتوو پیرۆز) گوتی: دەستاڕ لەدووبەردی پان دروست کراوە لەشێوەی تایەو دارێکی پێوەیە کە پێی دەڵێن دەسک و چاڵێکی هەیە بۆ تێکردنی دانەوێڵە، کە دواتر دەی سوڕێنی بەمەبەستی هاڕینی، بەڵام ئێستا ئەم کارە زۆرکەم بۆتەوەو ئاش کاری دەستاڕ دەکات، ناتوانم بڵێم ئاش زۆر خرایە، بەڵام زۆرجار ئاش وردە ئاسن و شتی تێ دەکەوێ بۆیە دەڵێم رەنگە دەستاڕ باشتربێت لە ئاش

کولیچەی کوردەواری

چیمەن مەولود بێخاڵی

کەرستەی پێویست:

٣ کوپ ئارد، ١ کوپ رۆن، ١ کوپ ئاو یان شیری گیراوە، ١ کەوچکی چێشت پیکن پاودەر، (١) کەوچکی چا خوێ، ١ هێلکە.

چۆنیەتی دروستکردنی:

ئاردەکە دەبێژرێتەوە و پیکن پاودەر و خوێیەکەی تێکەڵ دەکرێت، لە ناوەڕاستی ئاردەکە بۆشاییەک بەجێ دەهێلرێت، رۆنەکە دەتوێندرێتەوە، کەساردبووە وە دەکرێتە ئەو بۆشاییە، بەدەستی هەڵدەشێلدرێت تاکو بە تەواوی تێکەڵ دەبن، وردە وردە هەویرەکە بە شیرە گیراوەکە یان ئاوەکە تەڕ دەکرێت و بە دەستی دەشێلرێت تاکو بە تەواوی یەکدی دەگرێت، هەویرەکە دادەپۆشرێت و بۆ ماوەی چارەکە سەعاتێک بەجێ دەهێلرێت، گوێزی هاڕاوە و شەکر و هێل دەکرێتە ناو کولیچەکە، دەشتواندرێ خورمای سوورکراوە یان گوێزی هیندی بەکار بهێنرێت، هەویرە ئامادەکراوەکە دەکەینە پارچە پارچە و بەپێی پێویست تۆزێک پان دەکرێنەوە، پاشان ناواخنی بۆ دەکەین و گوێز وشەکر و هێلکە یان خورمایەکە دەکەینە ناو ئەو ناواخنە و قەراغەکانی بە پەنجە دەنووشتێنینەوە، دەشتواندرێ قالبی کولیچە بەکاربهێنرێت، کولیچە ئامادەکراوەکە لەسەر سینییەکی چەور ریز دەکەین، رووی کولیچەکان بە هێلکەی شلەقاو چەور دەکرێت و دەخرێتە ناو فڕنییەکی کە گەرمییەکەی مام ناوەندی بێت. بەم جۆرە ئامادە دەکرێت و بۆ خواردن بەکاردێت.

مەیل و مەتەڵانێ

سالار هەولێری و چالاک جەلال

٤

- خارەکم هەیە لە زوورگی، سەری گەورەترە لە هورگی. **(مێروستان)**
- نە لە عەردی نە لە عاسمانی، دەخوات گۆشتی ئینسانی. **(غەم و خەفەت)**
- هەموو کەس هەیەتی کەس نایبینی. **(ناو)**
- هێری هێری، لە بن دەستی بێری. **(بزن)**
- کەلەخ لە دارۆکێ، ناوەند لە چەرمۆکێ، تلیل لەزریزۆکی. **(دەف)**
- سوورە باوێ، چوونە راوێ، کەوتنە داوێ. **(مشک)**
- سەری لۆ توو بنی لۆ کەرێ. **(دەغل)**
- لە ناو زگی دایکێ دێتەدەرێ پشتی باوکی دەخورێنێ. **(شقارتە)**
- من کێم؟ ئەگەرنێم داوام دەکەن، ئەگەر بێم لەبەرم رادەکەن. **(باران)**
- هەلۆتر و مەلۆتر، سەری قازە ملی کۆتر. **(داس)**
- هەنوو نووسە نووسە، هەرچی هات پێوەنووسا. **(ناو)**
- نەشێرە نەشەکرە بەبێ هەوێن دەمەیت. **(سەهۆڵ)**
- بنی قیامەتە سەری نیعمەتە. **(سێرونان)**
- بەرجوکەی قالب مەزن، گەر نەزانی ببیەبزن. **(دارگوێز)**
- بەدەست شێرە بە پێست پڵنگە بەچاوبازە . **(بۆق)**
- مامەکم هەیە لە دەشتێ کەچە شیرەکی لە پشتێ. **(دوپشک)**
- لەسەری یەکە لە بنی دووە، بەلاقی باب و باپیرت داچووە؟ **(شەروال)**
- مەلایەمەلانییە، ئاقلە ئاقڵ نییە، بێ رۆحە رۆح نییە. **(کتێب)**
- ئەگەر بڕوا ناگەڕێتەوە. **(تەمەن)**
- دێوەڕەشەی ئاسمانە، گورزی هەژدە باتمانە، چاوی پڕ لە گریانە. **(هەور)**
- دوو شتن بەیەکەوە دەنوون، بەیەکەوە هەڵدەستن، بەیەکەوە دەگرین، یەکتریش نابینن. **(چاو)**
- بۆرە وەک ماری بۆقە پێت ناڕێم. **(بۆق)**
- یەکە و دەبێ بە هەزار، دەچێندرێ لەدەشتی بەیار، بە کاروان دەیبەنە شار. **(گەنم و جۆ)**
- مەلێک هات بە سی سی عیسا لە مووسای پرسی ئەو مەلە بۆچی رۆیی بەرسی. **(مانگی رەمەزان)**
- مەڕی خارەر لە شت ماره، نەدەدۆشرێ نەدەفرۆشرێ. **(مێروولە)**
- ملی هەیە سەری نییە، پشتی هەیەزگی نییە، دەستی هەیەپێی نییە. **(کراس)**
- یێکت لێ دەم، دووت پێ هەڵواسم، ناوت دەربێنم مام قاسم، لە هەموو سەربانان دەتناسم. **(باگوردان)**
- هەللا هەللا تەل خۆ کووتا سەرێ ستوور چوو پێ زراوما. **(شەروال)**
- بشمری لێت نابێتەوە. **(ناو)**

دینگ

ئا: محەمەد کەریم نانەوا

ئادەمیزاد هەر لە کۆنەوە لەسەرەتای دەسپێکی ژیان بۆ پێداویستی ژیانی رۆژانەی هەرگیز دا نەماوەو دەستەوەستان نەوەستاوە، بێگومان هەردەم لە تێکۆشان و لە هەوڵی داهێنانی کەرستەی پێویست دابووە لە پێناو ئەوەی پەرەبەژیان بدات، بۆ ئەو مەبەستە سوودی لە (داروبەرد) وەرگرتووە، بەتایبەتی لە (بەرد) چەکی (راوشکاری) لەبەرد دروستکردووە،راوی ئاژەڵی پێکردووە. پاشان کە لەژیانی ناو (ئەشکەوت) دەرکەوتووە بەرەو ژیانی کۆمەڵایەتی هەنگاوی ناوە بەبەرد خانووی دروستکردووەو کەتۆتە ناوژیانی کشتوکاڵ و دانەوێڵە. لێرەوە پێویستی بە کەرستەوشتی دیکە بووە. بۆیە هەر لە (بەرد) چەندین کەلوپەلی دیکەی دروستکردووە، وەکو (جۆنی.. دەستار.. بەرداش.. باگوردان)و شتی دیکەش، کاروباری رۆژانەی خۆی پێمەیسەر کردووە.

پاشان لە قۆناغی ژیانی بە کۆمەڵایەتی لەشار، هەڵساوە بەدروستکردنی (دینگ) لەبەرد بۆ ساوارکوتان. هەڵبەتە شاری هەولێر شارێکی کۆنی دێرینە، بەدەر نەبوو لە دامەزراندنی (دینگ) بۆ جێبەجێکردنی پێویستی دانیشتووان، بۆ مەسەلەی دینگ لە شاری هەولێر، دوای پرسیارو بەدواداچوون پێکەوتم کەوا لە زۆر شوێنان لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر (دینگ) هەبووە، وەکو: دینگی تەیراوە، دینگی گەڕەکی عارەبان، دینگی گۆڕەپانی پێش دەروازەی مزگەوتی شێخ مستەفا، بەرامبەر تەجنیدی سووتاو، کە ئێستا لە هەمان شوێن بە شێوەیەکی زۆرجوان و سەرنج راکێش هەیکەلی دینگەکیان دروستکردووە کە مایەی دەست خۆشیە، هەروەها لە گەرەکی سەعدوناوە لای ماڵە کورەچییەکان، دینگی مەلا سالح هەبوو.هەر لەم گەڕەکە دینگە کی دی هەبوو بەناوی دینگی تەعجیل، لەگەڵ دینگی گۆڕەپانی تەکیەی شێخ عەبدولکەریم.

بەڕێز/ شێرزاد قادر/ لە گۆڤاری هەولێر، لە ژمارەی تایبەت بەبۆنەی سەدساڵەی دامەزراندنی یەکەم شارەوانی هەولێر، ئاماژەی پێداوە دەڵێ: پاش کووتانەوەی ساوار لە دینگەکان، ساوارەکەیان هەڵدەخستەوە، بۆیە چەند رۆژو شەوێک لەوێندەر دەمانەوە کە شەویان بەسەردا دەهات لە کاتی نوستن هەر ماڵێک بۆ خۆیان چەند حاجمێکیان هێنا بوو لەسەر رستەی ئامادەکراو بۆ ئەو مەبەستە دەیانکردە پەردە. وەکو (کوللەی سەربان ئاسای) وەکو نیمچە ژوورێک تیایدا دەخەوتن، بەم شوێنانەیان دەگووت: جاجماوە، بەتایبەتی ئەو دینگەی لای تەکیەی شێخ عەبدولکەریم ئەوسابە (جاجماوە)ناودابوو.

لێم گەڕێن با لە غەریبی بمرم

سەدرەدین نورەدین

پێشینان دەگێڕنەوە: ژن و مێردێکی هەژار، دوو سێ منداڵی سەلکەو پێچکەیان هەبوو، لە شارۆچکەیەکدا دەژیان و بەیەکەوە لە ژوورێک دەنووستن.

پیاوەکە بە رۆژ لە دەرەوە کاراو پەیداکار نەبوو، ئێوارانیش بە درەنگەوەو بە دەستی بەتاڵ و بە مەدهۆشی هۆرتە هۆرتە دەهاتەوە. بۆیە ژنەکەی بەشەو لەناو نوێن وەدەری دەناو سەرماو برسی و بێئالیکی دەکرد... شەوێکی ساردی زستان، ساوینی کچۆڵەیان بە ئاگادێت، دەبینی باوکی لەتەک نوێنەکانی لەسەر زەوی کورژەی کردووەو خەوتووە، خەمی بۆ دەخوات، بە دڵسۆزییەوە بانگی دەکات: باوە... باوە...! هەستە! برۆوە ناو جێگاکەت، سەرمات دەبێت..

باوکەش بەکزی و خەفتبارییەوە «لێم گەڕێن با لە غەریبی بمرم».

کە بە منداڵی ئەم پەندەم دەبیست، پێکەنینم دەهات، وەک کچۆتەکە دڵگیرو هەست کول و جگەر بە کوان و سی کواندار، کەلەخ و کەللە کلۆرو دەروون کەوڵکراو، بەسەر گەردانی و سەرچیغ دەچووم.. وام دەزانی ژنەکە درۆ دۆستدارو نادروست و ناڕەسەن و چەک بەدەست و ناچیزدیە... پیاوەکەش کاڵ و هۆش کەم و کەم توانایە.. بەڵام ئێستاکە لای خۆم وابێت، پیرو ژیرو گەڕیدەو سەراو و دەراو دیوم، لەبنە پاڵەوەش بەچاوی خۆم دیومن، تێیان راماوم، ئەزموونداوم، چاک چاک دەزانم، ئەگەر ئەم جۆرە مێردانە، لەنێو پەردەدا، نەوبووک دەستیان لەمل بکەن، رایان مووسن، بیانلێسنەوە، ئەوان ئاوی ناسازی بەنگی هەندەرانییان نۆشیوە، هۆشفڕیون، لە خۆیان و دەوروبەرو سەرو پێ و پێگەی خۆیان دابڕاون.

سۆزی دایک لە کوردەواریدا

بەشی کۆتایی

دایک بە درێژایی تەمەنی لە هیلاکەت دایە، ورده ورده دەرد و بەرا لە دایکێ روو دەبن.. ئینجا دایک زۆر جاران بە کوڕ و کچەکانی دەڵێ «دەرێی لە هەناوێ پسایمە، شەنگم نییە، دەرێی داوەشایمە، کوڕم ئەگەر ئاگر لە پەرێز و پاوان و پووش بەربێ سوار تەڕاتێنە لە بەرایێ ئاگرێ بکا ئاگرەکەش بای دەگەڵ دابێ سۆت و پووش و زلکەگڕ وا دەکا سوار نەتوانێ لێی دەرچێ زلک و پوش بەرەو رووییێ سوارێ دێ».

تا دەگاتە ئەو ئاست و میعادەی نەتوانێ بژی، گەڕان و سوڕانی بەر دکتۆر و نواندنی نەخۆشخانە و هێنان و بردنی بەردەوام بەو حاڵ و بارەش خەمی کوڕوکچەکانیتی کە وەک مێرووله بە دەوری رێچکە دەکەن و پێوەی ئەزیەت باردەبن. ئینجا لە بێزاری خۆی تەمەنا بە مردن دەکا و دەڵێتە کوڕ و کچەکانی (ئیشالا خوا بە سوک و سانا لە هەو کێم دەکاتەوە ئەنگۆش پشیەک دەدەن) کوڕەکەش بەزەیی پێدادێتەوە دەڵێ«دایە وامەڵێ هێشتا مایتت خۆ خوانەخواستە ئەوەندە لێنەکەتی» دایک پێی دەڵێ

مـــردن لە کـــارێ رەبی
نەفس قـــوتاری نابی

دایک بۆ کوڕ بە ساوایی قەڵغان بوو، چی لە توانای دایک هەبا بۆ پاراستنی کۆرپەکەی لە شیرەمژەییەوە تا گەورەبوونی بێ قسوور بوو، ئینجا بەو شێوەو بەو تەرزە کوڕەکە دایکی لەبەر نەخۆشییەکەی دەباتە لای خۆی تا خزمەتی بکا، جاری وا تاڵح وا دەبێ بۆ کوڕ و بۆ دایک خێزانی کوڕەکەی پێی ناسەلمێندرێت لا لموز و روو ترشای دەبێ هەردەم بە مڕومۆچی دەبێ، یا هەموو دەم دەچێتە ماڵان و سەردانی خزم و ناسیاوان دەکاو هیچ وەختەک خۆ لە ماڵەوە گیرناکا، کوڕەکەش هەر گاوەکی دێتەوە دەبینی دایکی بەخمباری و عادزی لە سەر جێگاکە مت بووە منداڵەکان هەر یەک بە لایەک هەڵبەز و دابەزیانەو لە گەمان و شەڕەچەپۆڵکەدان.. کوڕەکە سەرودڵی لە خێزانی دەگیرێ و توڕە دەبێ و دەچێتە هەنداو سەری دایکی دەڵێ (دایە ئەدی خێزانم؟) دایکیش بەش بە حاڵ و ئەزیەت و ناخۆشی و نەخۆشییەی دەڵێتە کوڕەکەی، کوڕم وەرە دانیشە پشیت فرەوان کە خۆ سەخڵەت مەکە تازە خوا ئەوەای هێنایە، تازە ئەو خوە بە من و بە توو بەر نادرێ، خوی بە شیری هەتا پیری، کوڕم دەنگ مەکە و لەسەرەخۆ بە، دەڵێن ئەویش بەرخی بەنواوەیە، دایکی ویش نەخۆش دەبێ و رەزیل دەبێ و دەمرێ و مردن بۆ هەمووان یەکە هەروەک دەڵێن:

مـــردن کـــەرێ بە قـــارانە
لە دەرکـەی هەمـوو مـارانە

کوڕم گەڕان لۆ ژنان باش نییە لەو ماری لۆ ئەو ماری ئاگردانێ مارێت کز دەبی بۆیە دەڵێن..!!؟

ژنی مـــاران گـــەڕ
ئـاگـــری داری تـەڕ
خـــەوی لەگـــەربەڕ
فـــەلاح بێ جـــەنجـەڕ
هەمـــووی هەر بەتفـــەڕ

کوڕم (ژنی ماران گەڕ) واتە ئەگەر ماڵان گەڕبوو دەرکان بکا لە هەرگاوەکی بی مەحتەلت دەکا و ناسێیەوە..!!؟

(ئاگری داری تەڕ) ئەگەر سەرما بردە چۆقە چۆقی ددانی بێ لە سەرمان ئاگر بە داری تەڕ بکاتەوە خۆ داری تەڕ ئاگر ناگرێ سەرمابرد لە سەرمان رەق دەبێتەوە.

(خەوی لەگەر بەڕ) ئەگەر لێتدا نووستی

فوئاد خۆشناو

بەڕت بەسەر خۆتدادا ئێ خۆبەڕ رەق و قیت رادەوەستێ شان و پیل و ناوشانت ناگرێ و گورگە خەو دەکەی.

(فەلاحی بێ جەنجەڕ) ئەو فەلاحەیە ئەگەر گەیشتە حاصلاتێ و لە بەروبومێ جەنجەڕی نەبوو ئەو کاو قەسەر و قرشەی دەمێنێتەوە.

(هەمووی هەر بە تفەڕ) یەحنی هەمووی بە سندان بی فلسەکی ئەحمەر نایینی، پێی دەڵێتەوە کوڕم نەسیحەتی داکی خۆت وەگرە ئەمن لێرەوە لە توو رازیم:

(رەبی تەمەنت بە چیای سەفین بی) ئەگەر داک لە کوڕی خۆی رازی بێ خوا و پێغەمبەریش لێی رازینە:

لێـــرە هەتا ئاوێ فـــەراکێ
گـــەردەنت ئازابێ لای داکێ

هەڵهین

عوسمان خورشید پالانی

هەڵهین شـــەش پیـــتـــە زۆر رێکو پێکە
هەڵســـە بیـــزانە بازووی لێ هەڵکە
پیـــتی یەک و دوو لەگـــەڵ پیـــتی سێ چوار
خـــۆشـــە مـــرۆڤ هەیبێ لە دەشت و لەشـــار
سێ و دوو چوار و پێنج و شـــەش ئاســـانە
مـــرۆڤ گـــەر دەســـتی کـــەوێ دەبتـــە پاشـــای زەمـــانە
پیـــتی سێ و دوو لەگـــەڵ پیـــتی چوار
مـــرۆڤ گـــەر نەیبێ ناژی بە یەک جـــار
سێ و چوار و شـــەش ئینجـــا دوو
ترشی پێ خـــۆش دەکـــرێ بەبێ سێ و دوو
شـــەش و پێنج و چوار لەگـــەڵ دووەم پیت
من دەڵێم یاخـــوا کـــەس تووشی نەبێت